# دواى ولاوەنانى ليپرسراوەتى ياسايى (سەدام) لە جينوسايدكردنى كورد چ بكرێت باشە ..؟

## بەشى دووەم

### جەوهەر نامق سالم



لە هەرسێ دەسەلاتەكەى ئەم ( **دولە العراق**) ە دا كورد بوونى هەيە بە( دادگاى تاونكارى عێراقى بالا ) ودادگاى (تێهەلچوونەوە = تمييز)يشەوە, هەروەها لە هەرێمى كوردستانيش دا حكومەتێكمان هەيە و لە سەرووى هەردوو حكومەتيشەوە ( دادگاى فيدرالى بالا) ش هەيە ، ولايەنى كوردستانيش دوو حيزيى دەسەلاتدارى هەيە كە سەركردايەتيەكانيان لە گشت نەخشەو پلانەكانى بوارى پەيوەندار بە كێشەى گەلى كوردستانەوە بەر پرسيارن ، كە چى :

هەر لە سەرەتاى دەستپێكردنى دادگايى كردنى ( صدام) ودارو دەستەكەيەوە چ لە ئەولەوياتى تاوانەكان وچ لە شێوە و شێوازى بەرێوەچوونيدا ، جديەت و وردبينى لايەنى دەسەلاتى فەرمى كوردى پێوە ديار نەبوو ، هەروەها :

ئەو ياسايانەى كە سەداميان پێ دادگايى كرد ، كورد لە دارشتن ولە پەسندكردنى بەشداربوو . لە مادده (27- دووهەم) يدا هاتووە (**لا يجوزلأية جهة كانت بما في ذلك رئيس الجمهورية اعفاء او تخفيف العقوبات الصادرة من هذه المحكمة وتكون العقوية *__واجبة التنفيذ بمرور (30) يوما__* من تأريخ أكتساب الحكم او القرار درجة البتات** ) ) وئەم دەقەش روونە .

دەبوايە لايەنى كوردستانى كاتێك كە زانى پرۆسەى دادگايى ( صدام ) بە رووداوى (الدجيل) دەستپێدەكا لەم ماددەيە ورد بونايەتەوە و بەم دەقە رازى نەبونايەو، دەكرا هەر لەو كاتە بە (تعديل), يان چاكسازى, يان لە رێگاى ياسايەكانى ترەوە، يان هەر چى نەبێت بە پێى پرنسيپى ( التوافق) چارە سەرى ئەو دەقە بكرايە و، پە لە بكرايە لە كۆتايى هێنان بە كێشەى ( الأنفال ) وهەلەبجە.. هتد ) وئەوكاتە هەنگاوە ياسايەكانى ديكەيش ئەنجام بدرايەت .

ئەگەر كورد خۆى بايەخى بەم لايەنەش نەدابێت يان بيرى لينەكردبێتەوە ,خۆ پێش لە سێدارەدانى ( صدام) دادوەرى گشتى گوتى ( ئەگەر تاوانى ئەنفال لە سەر (صدام) ئيسپات بوو ، ئەوە ناتواندرێت سزايەكى ديكەى لە سەر بسەپێندرێ ،چونكە تاوانەكەى لە سەر لا دەچێ ( **يسقط عنه الجرم** ) .

دادگايى كردنى ( صدام وتاقمەكەى ) بە پێى ياساى (دادگاى تاوانكارى عێراقى بالا ) بە رێوە چوو ، ئەم ياسايەش رێگاى بەو دادگايە داوە كە سوود لە ياساى(اصول المحاكمات الجزائيه) ى عێراقى ژمارە (23) سالى 1971 و برِيار وياساى تريش وەرگرێت ، وچۆنيەتى جێبەجێكردنى لە سێدارەدانيش بە تايبەتى بەپێى ماددەكانى (283-293) لە فەسلى دووەمى ئەو ياسايەدا ( اصول) بە وردى باس كراوە و،بۆ كێشەى دەرچواندنى ( مرسوم جمهورى) ش لە لايەن ئەنجوومەنى سەرۆكايەتيەوە ديارە پشتبەستراوە بە برگە ( سادسا ) لە ( **امر مراعاة العمل بعقوية الأعدام رقم (3) لسنة 2004** ) كە لە لايەن سەرۆك وەزيرانى حكومەتى گواستنەوەى عێراقەوە ( د . اياد علاوى ) دەرچوو كە دەلێت ( **سادسا : استثناء من حكم الفقرة (ب) من المادة (285) من قانون أصول المحاكمات الجزائية رقم (23) لسنة 1971 والمادة (286) منه ، تنفذ عقوبة الأعدام بعد موافقة رئيس الوزراء ومصادقة مجلس الرئاسة .** ) ولە ( دەستوورى هەميشەيى كۆمارى العراق )يشدا لە ماددەى (134)يدا جەختى لە سەر مانەوە وكاركردنى دادگاى تاوانكارى عێراقى بالا) كردووە .

لێرەدا باسی یاسایی ونایاسایی ئیجرائاتەکان و هەنگاوەکانی جێبەجێکردنیان ناکەین ، ئەمە بۆ یاساناسان و پسپۆڕانی ئەومەیدانە جێدەهێلین ، بەڵام ئەوەی لای ئێمە ڕوونە کە ( تصدیق ) کردن بێ پەسندکردنی ( ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی) نابێت و ،گوتراویشە کە گوایە لایەنە پەیوەندارەکان ئاگایان لە رۆژ و کات و شوێنی لە سێدارەدانی ( صدام ) نەبووە ، لەوانەیە راست نەبێت, چونکە لەدیدارێکی کەناڵی ئاسمانی ( العربیە)دا (د . نوری المالکی ) سەرۆك وەزیرانی (العراق) شەوی 9لە سەر 10ی /2007/1 گوتی: (**ان کل المعنیین أعلموا بالتنفیذ** ) . تاکو ئێستایش لایەنەکانی پەیوەندار کە ئەم گازندەیان دەکرد ئەم قسەیەی مالکییان بە درۆ نەخستۆتەوە ....

گریمان وابێت دەسەڵاتی کورد بێ ئاگا بووە لەو پرۆسەیە بە (فەرمی) ، باشە ئەدی کاری ئەو هەموو نوێنەرانەی کوردچییە لە ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی و لە ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرەکان و جێگران و دیوان وڕاوێژکاران ومەکتەبەکان, یان ئەوانەی لە دەزگا هەواڵگریەکان و ئاسایش العراق و، دەزگا ئەمنیەکانی کوردستان ورێکخستنی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداردا کار دەکەن چۆن لەو هەموو مشتوومڕەی نێوان سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و سەفارەت وکار بەدەستانی ئەمریکا لە (العراق) تاکو دەگاتە کۆشکی سپی و سەرۆك بوش وەئاگا نە هاتن .؟!، تۆ بڵێیت تاکو ئەو ڕادەیە کورد بێ خەبەر وبێ ئاگا بێت لەو کێشەیە ،و نەزانێ لەم وڵاتەدا چی ڕوو ئەدات ..!

هەروەها گرێدانی ئەو پەلە کردنە سەبارەت بە لە سێدارەدانی ( صدام ) بە تەمەنەوە, یان لە ( ترسی هەڵهاتنی ) ، ئەوەش یاساچارەسەری کردووە بەوەی کە لایەنی (کەمی) تەمەنی دیاری کردوە کە نابێت لە( 20 ) ساڵ کەمتر بێت زۆری (تەمەن) ی دیاری نەکردو ە و، هەتا ئێستایش, نە لایەنی ئەمریکی کە (سەدام) یان لەلا بەند بوو تاکو تەسلیم کردنی بە دەسەڵاتی فەرمی (عێراقی) و, نە خودی دەسەڵاتی فەرمی عێراقیش ، پەلەکردنی لە سێدارەدانی (صدام)یان گرێ نە داوە بە باری (ئەمنی), یان لە ترسی (هەڵهاتنی)..

ژمارەیەکی زۆر لە کاربەدەستانی ناوەوە و دەرەوە لە مەڕ چۆنیەتی جێ بەجێکردنی حوکمی لە سێدارەدانی ئەو تاونبارانەوە, ڕەخنە ونیگەرانی خۆیان پێشان دا وەکوسەرۆك بوش و بلیر و یەکێتی ئەوروپا ,وەزیری دەرەوەی ئەمریکا وبەریتانیا وچەند رێکخراو ێکی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ لە رووی رێز نەگرتنی حکومەتی مالکی لە یاسا ورێساکان لە کاتی جێبەجێکرنی حوکمەکە بە تایبەتیش بە ڕەچاونەکردنی رۆژی جەژنی قوربانی پیرۆز....هتد

بە هەر حاڵ ئەو کەموکورتیانە بوونە یەك لەو فاکتەرە سەرەکییانەی کە پانتاییەکی زۆر لە جادەی عێراقی وعەرەبی وئیقلیمی وجیهانی بە کوردیشەوە ڕەخنە ونیگەرانی خۆیان نیشان بدەن ، نە(**ترحما**) بۆ ( صدام) بەڵکو (**احتراما**) بۆ یاساو رێسا و بەهای لایەنە روحیەکانی مرۆڤ ، با ئەو ئیجرائاتە دەرحەق بە تاونبارێکی دڕندەی وەکو ( صدام) یش بێت ، هەر ئەم کردارەش بووە هۆی ئەوەی کە سەدامیەکان ئیسغلالی بکەن.

پاساودانی لە بێ هەڵوێستی دەسەڵاتی فەرمی کورد ، بە گشت ئاستەکانیەوە ، چ لەسوور نەبوونیان لە سەر ئەولەویاتی دادگای کردنی تاونبارانی رژێمی پێشوو ، ودواخستنی جێبەجێکردنی لە سێداره دانی (صدام) تاکو هەر چ نەبێت کێشەی داداگایی ( الانفال) تەواو دەبوو, یان بەشدار نەکردنی نوێنەری کورد لە پیادەکردنی دەسەڵاتێکی دەستووری لە پرۆسەی جێبەجێکردنی حوکمەکەو پاساودانی, بە(نەمانزانی)، یان (بۆ ئەوەی عەرەب نەکرێت بە دوژمنی کورد) یان (سوونەی عەرەب نەبێتە دووژمنی کورد )، بیرو بۆچونێکی یەکجار لاواز و بێ بنەماو دوورە لە هەستکردن بە گیانی لێپرسراوەتی وەك ئەوەی (نەزانین) مرۆڤ لە مەسئولیەت رزگاربکات ،یان وەك ئەوەی گوایە( صدام حسین) ودارو دەستە تاونبارەکەی نوێنەری عەرب بن ,یان نوێنەری عەربی سوونە بن ، یان وەك ئەوەی بڵێی بێ دەنگی دەبێتە مایەی ڕاوەستانی هەڵمەتی دژایە تی وتیرۆر دژی کورد لەلایەن تاقم و دارو دەستەی شۆفینزم و سدامیەکان وتیررۆریستانەوە .

بە واتایەکی تر ئەم جۆرە پاساو وبۆچوونە چەوتانە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ ئەوە دەمانبا کە ئەوانەی پلە و پایەی فەرمییان پڕ کردوەتەوە مافی شەخسی و ئیمتیازی تایبەتی خۆیانە, نەك(مافی کورد) ، لە لایەکی دیکەشەوە ئەمە وەکو دانپیانانێکە بەوانەی کە لە لایەن بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردەوە,دژ بە سەدام و ڕژێمەکەی کراوەو گوتراوە ، دژ بە عەرەب و دژ بە عەرەبی سوونە بووبێ ، نەك بەرگری لەماف و مانەوەی گەلی کورد...



www.dengekan.com
1/31/2007

ئەم جۆرە بیر وبۆچوون وپاساودانەوە و، بێ دەنگیە لە ڕاپێچکردنی تاوانبارێکی وەکو ( صدام) وا بە پەلە ،لە ڕاستیدا ( ڕاپێچکردنی )مافیك و فۆناخێکە کە لەگەڵ ئەودا هەموو دۆسێە شاراوەکانی گشت ئەو تاوانانەی دژ بە کوردو کوردستان :( ڕاگوێزان .. تەعریب .. تەبعیس .. گۆڕینی قەوارەی نەتەوایەتی .. الانفال ... ئەنفال کردنی بارزانیەکان .. و فەیلیەکان و کیمیابارانی هەڵەبجە ) وەك بەر پرسی یەکەم زیندە بە چاڵ کرا. بەمەش سیاسەتی جینۆسایدکردنی خەڵکی کوردستان ، کە بە فەرمان و بە نەخشە وپلانی خودی (صدام) ئەنجام دران ,لەلای ڕای گشتی جیهان و لە نێو پانتایی عەرەبی العراق و جیهانی عەرەبی وئیسلامی و بە تەواوی ڕوون نەبووەوەو بەبێ ئەوەی دوکۆمینتیش بکرێن هەمووی وەها ڕۆیشت... !

ئەوەی سەدامی گەیاندە پەتی قەنارە, وڵاتەکەمانی بەرەوئەم قەیرانە برد ، ئەو ئەقڵیەتە بوو کە هەمیشەحیسابی بۆ بەرژەوەندی و هەست وخواستی خەڵك و بەها رووحی وکۆمەڵایەتیەکانی میللەتەکەی خۆی نەدەکرد .

ئێمە ڕووی رەخنەمان لە مالکی وحکومەتەکی مالکی دەکەین بە باڵە کوردیەکەشیەوە ، هەروەها لە دەسەڵاتی فەرمی هەرێمی کوردستانیش ، سەبارەت بەو پەلە کردنە و بە بێ ڕەچاوکردنی هەست وخواستی نەتەوەی دووهەمی ئەم (العراق) کە خاوەن گەورەترین تراجیدیای جینۆسایدی کۆتایی سەدەی بیستەمە, و، ئەو پرنسیپانەش کە هەمیشە جەختی لە سەر دەکەن لە مەڕ ڕێزگرتن لە دەستوور ویاسا و، ڕەچاونەکردنی قودسیەتی بەها ڕوحییەکان وقوربانیەکانی (ئەنفال وهەڵەبجە) کە دوو هیمای سەرەکی گەورەن بۆ ئێمەی کورد کە لە دەستوور یش دا جەختی لە سەر کراوە .

ئەم لاسارییەو ئەم بێ باکیە لە کورد و لە قوربانیەکانی ،وەکو هێزێکی کاریگەر لە بەرهەڵستکاری سەدام وسەدامیەکان و لە ڕماندنی ڕژێمەکەیی ولە دامەزراندنەوەی ئەم ( العراق) ە ولە پێکهاتنی حکومەتەکەی خودی مالکی ومانەوەی لە سەر دەسەڵات وپاراستنی ئەم ( العراق) ە ، پێویست بە هەڵویست و پیاچوونەوە دەکات و، ئەم جۆرە عەقلیەت ورەفتارەش جێگای مەترسیە و ناکرێت دەسەڵاتی فەرمی کورد بە هەند وەرینەگرێت .

ئەگەر ئەم پەلەکردنە لە دەسەڵاتی مالکییەوە بوو بێت ئەوە ماهیەتی ئەم تاقمە دەسەڵاتدارەی ئێستای ناوەندی بەغدای ڕۆشنتر کردەوە ، بە تایبەتی دید و مامەڵەکردنیان لە گەڵ کورد و کێشە و داخوازیەکانی کە دیارە هێشتالەلای ئەوان لە ڕوانگەی (دونیەت) و هاوڵاتی دەرجە نزمەوە سەرچاوە وەردەگرێت .

نازانم کورد چۆن لە ماف ودوا ڕۆژی خۆی دڵنیا دەبێت ، ئەگەر ئەمانە بەم شێوەیە مامەڵە نەك تەنها لە گەڵ کێشەی ئەمڕۆ و زیندووەکانیدا بکەن, بەڵکو لە گەڵ شەهیدانی و لە گەڵ موقەدەساتیشیدا وەها ڕەفتاربکەن ...؟!

ئەگەر لایەنی ئەمریکیش لە پشت لە سێدارەدانی (صدام) بووە بەو شێوەیە وبەو پەلەیە وەك چەپکە گوڵێکی کاکە (بوش) بۆ کۆتایی ساڵی 2006 و سەرەتای ئیستراتیجیەتە تازەکەی ساڵی 2007 لەمەڕ (العراق) ، ئەوە ئێمەی کورد, پاش ڕاپۆرتی (بیکەر- هاملتون) و، بەرنامە تازەکەی بوش بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی (العراق) و، بێ گوێدان بە داخوازیی و هەستی خەڵکی کوردستان و کەس و کاری قوربانیانی ئەنفال و هەڵەبجە..هتد, دەڵێین :خوا بکا ئاخیری خێر بێت ..!

بە هەرحاڵ لەسێدارەدانی (صدام) و (برزان), وا بەپەلە , فرسەتێکی هەرە گرنگی لە دەست داین سەبارەت بە زانینی نهێنەکانی تاوانی ( الأنفال) و کیمیابارانی (هەڵەبجە) و ( ئەنفالی بارزانیەکان و فەیلیەکان) و هەموو لایەنە شاراوەکانی دیکەی تاوانی جینۆسایدکردنی خەڵکی کوردستان ، لە گەڵ ئەم دوو تاوانبارە خرایە ژێر گڵ ، ئەمە لە لایەك ، بەڵام لایەکی تری هێشتا ماوە ، ئەویش بەردەوام بوونی دادگایکردنی تاونبارانی تری تاوانی ( ئەنفال) و تاوانی ( کیمیابارانی هەڵەبجە) وتاوانەکانی دیکەیە کە سەدام وسەرانی ڕژێمەکەی بەرپرسیاربوون لێیان و، ئەوەی کە ماوەتەوە تا لە دەستی نەدەین و مردار نەکرێتەوە ، بە باشی ئەزانم ئەم هەوڵانە بدرێت :

- پشتگیری وهاوکاری و کارئاسانی باشتر بکرێت بۆ ئەو پارێزەرانەی کە وەکو هەیئەتی ( دیفاع ) لە ئەنفالکراوەکان وکەس وکاریان خۆیان بەختکردووە و،هەروەها بەهێزکردنی ئەو هەیئەتە بە زیادکرنی پسپۆر وشارەزای ئەو بۆارانە...



www.dengekan.com
1/31/2007

- یـەك لـە كەناڵـە ئاسمانیـەكانی تەلفزیونـەكانی كوردسـتان تـەرخان بكرێـت بـۆ دانیـشتنەكانی ( پێـشوو وئێـستای) ئـەم دادگایـە و ڕۆژانــە پێـشان بـدرێت ، بــە تەرجوومــەی فــەوری ئینگلیــزی وتۆژینــەوەی پسپۆڕانەوە و,ئەگەر بكرێت كەناڵێكی رادیویش بۆ ئەم كارە تەرخان بكرێ...
- دانیـشتنەكانی دادگـا كـۆپی بكرێـت وبـدرێت بـە گـشت ناوەنـدەكانی حیزبـی و ڕێكخـراو ومەڵبەنـدەكانی كۆمەڵگای مەدەنی لە ناوەو لە دەرەوە و، وەهەروەها تەلفزیونەكانی جیهانیش و, ئەو ناوەند وڕێكخراوانـەش ڕاسپێردرێن كە كۆڕو كۆبوونوە وسمینار ی بۆ سازبكەن ...

دەسەڵاتی فەرمی كوردستان و گشت لایەنە پەیوەندارەكان كار بۆ ئەوە بكەن وەك چۆن :

- لـە سـاڵی 2000دا دانیـشتوانی ئوسـترالیا ڕێپێـوانێكی گـەورەیان سـازكرد كـەپتر لـە 200هـەزار كـەس تێیـدا بەشدار بوون بـۆ ئـەوەی داوای لـێ بـوردن لـە دانیـشتوانی ئەسـڵی ئوسـترالیابكەن لەسـەرئەو زوڵـم زۆرەی كـە دەرهەقیان ئەنجامیان داوە,هەر بەم بۆنەیەشـەوە لەسـەر باڵەخانەبەناوبانگەكەی ئۆپـەرا ئالآیـەكی مـەزنیان هەڵكردوەو لەسەریان نووسیوە (Sorry) واتە (ببورە) ئەمەش وەكو دیكۆمێنتێكی ڕوداوەكە.
- لـەمانگی ئـاداری سـاڵی 2000 دا پاپـای فاتیكـان لەهەڵوێـستێكی چـاوەڕوان نـەكراودا لـە نوێژێكـدا لـەخودا پاڕایەوە لە گوناهەكانی كەنیسە خۆش بێت كە دەرهەق بە جولەكەكان و ئاشـتی وخۆشـەویـستی و ئاینـەكانی تر كردویانە، ئەم ئیعترافەش دیكۆمێنتكردنی ئـەو ڕووداوو كارەسـاتانەیە كەكەنیـسەلەم بوارەنـەدا ئـەنجامی داوە.
- پەرلەمانی فەرەنسیش پار ساڵ قەتڵ و عامی ئەرمەنییەكانی توركیای دیكۆمێنت كرد ...

هەروەها پێویستە بە شێوە وشێوازی جیاجیای دیكەش كار بكرێ بۆ ئەوەی :

یەكەم: بە فەرمی جینۆساید تەسبیت بكرێت لە ئاستی دادگا و پەرلەمان و حكومەتی (العراق) و داوای لێبوردنی فـەرمی لە خەڵكی كوردستان بكرێ و قوربانیان قەرەبوو بكرێنەوە ....

دووەم : كۆنگریسی ئەمریكی تاوانەكانی ئەنفال و هەڵەبجە ،وەك كردەوەیەكی جینۆسایدی ڕژێمی صدام حسین دژ بـە خەڵكی سڤیلی كوردستان دیكۆمێنت بكات, بە تایبەتی كە هەندێ لە كاربە دەستانی بەرزی ئەمریكا لە ئاستە جیا جیاكاندا دانیان پێدا ناوە. .

سێیەم: بە فەرمی لایەنە نێودەوڵەتییەكان تاوانی (جینۆساید كردنـی كـورد)ئیدانەبكەن، كـە سـەدام حـسین وڕژێمەكـەی ئـەنجامیان داوە و، هـەروەها دیكـۆمێنتیش بكرێـت ، چـونكە هـەم ئـەمریكا وهـەم زۆر لـە وڵاتـانی ئـەوروپا ونێوەندەكانی نێودەوڵەتی كەم یان زۆر هاوكار وئاگاداربوون لە درووستكردنی چەكی كیمیـاوی وبـایولۆجی لـە لایـەن ڕژێمـی عێراقـەوە,زۆر جاریش لـە كارەسـاتەكانی ئـەنفال وهەڵەبجـە و گـشت تاوانـەكانی تـری صدام وڕژێمەكەی ، نەك هەر بێ دەنگ دەبوون , بەڵكوپاساویشیان بۆ دەهێنایەوە...!

چوارهەم : هەموو بەڵگەو فایلەكانی دادگای ئەنفال وكیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید وگشت تاوانـەكانی دیكـەی ڕژێمـی نـەفرەت لێكـراوی سـەدام وبەعـسی فاشـی دەرحـەق بـە خـەڵكی كوردسـتان ، لـە گـەڵ نـاوی گـشت شـەهیدانی كوردستان ، كۆبكرێنەوەو لە ناوەندێكی زانستی تایبەت دا بپارێزرین ...

دوور نیە جێبەجێ كردنی ئەم پێشنیارانە كارێكی وا ئاسان نەبێت ، وەلێ مەحاڵیش نین ئەگەر درێغی لێ نەكرێت ..!



www.dengekan.com
1/31/2007